# ژیان لە سێ وێستگەدا

**زانا خەلیل**
**(ئەڵمانیا)**



(١)

**چەند چرکەیێ بەر لە ئۆرگازموز**

**لەسەر قەروێڵەیەکی ئاوی و لە تەنیشت ئاگرێکی فێنکدا**
**زۆر لە دەموچاوی مردن سەیرتر**
**بازرەقەی دەکرد.**
**تامی پێکەنینی پێکی بەهەشتی دەکرد و دەگەڕاوە**
**دەگەڕاوەو پێکەنینی پێکی بەهەشتی تام دەکرد.**

**ئەوەی بنەوە، لەناو بازنەی ئەو ئاگرە ئاوییەدا لەناو ئەو**
**بوومەلەرزە کەسکەی لاڵییەدا**
**با بەسانایی بڵێم: «بەرد» نەبوو..**
**ڕەنگە کلوویەک بەفری ئەسمەر و گەرم بووبێ..**
**پێڵوەکانی ئاوەڵا و**
**ستیانی فەنتازیاشی داخراو..**

**چەند چرکەیێ بەر لە مژینی جگەرەی مردن**
**لەنێو ژاوەژاو و قەرەباڵغی ئەو وێستگەیە چۆڵەدا**
**لە تروسکایی گلێنە پرسیاراوییەکانی ڕاما..**
**«ئەو» با وای دابنێین: [بەرد]ە کە..**
**لە پڕ گرکانی ڕۆحی تەقیەوەو**
**بەدەم چڕینی گۆرانیی گریانەوە ناڵاندی:**
**[زانا.. دەبێ جارێکی دی بتبینمەوە!]**

(٢)

**لەناو ئۆرگازموزدا**

**تەزینی**
**حەلەزونی**
**حەلەزونی**
**حەلەزونی**
**و**
**ئۆخژنی**
**شەپۆلاوی**
**شەپۆلاوی**
**شەپۆلاوی**

**چاوت بە زەردەخەنەی ئیرۆس دەکەوێت و**
**واگا دێیتەوە**
**[ئای کە پێناسەیەکی زەحمەت بوو!]**

(٣)

**چەند چرکەیێ دوای ئۆرگازموز**

**جارێ ڕوو لە عەرد و جارێ ڕوو لە خودا**
**گەردەلوول بە پرچت چادەکەی..**
**جگەرەیێ دادەگیرسێنی**
**یان باشترە بڵێم: جگەرەیێ داتدەگیرسێنێ**
**– ئاو– حەزدەکا تۆ بچیتەوە یەکەمین وێستگە**
**تۆ هەوەستە بچیتە ئەشکەوت..**
**جگەرەکە بە خەفەتێکەوە**
**مژێکی قووڵ قووڵت لێدەدا..**
**تۆ پێدەکەنیت و دەپرسی:**
**[ئیرۆس گیان: چییە ئەو کۆمێدیایە؛**
**ئەو کۆمێدیایە چییە ئیرۆس گیان؟].**